ماددەی سی زدیەم / حیزب ئەم مافانەی دەبی :
١ ـ ئەو ریو شوینانەی راگەیاندنی هەبی کە بو بەدیهیانی ئامانجەکانی بەپیی یاسا رەچاوکراوەکان بەکاریان دینی .
٢ ـ سازدانی هەر کاروکرداریکی یاسایی و مولکداریتیهەر مالومولکیکی گوازراوەو نەگوازراوە بو بەدیهینانی مەبەستەکانی .
٣ ـ سازدانی کوبوونەوەو خوپیشان دان و مانگرتن بە ئاشتیو بەپیی یاساو بە ئاگاداری دەسەلاتی پەیوەندیدار .
٤ ـ ریکخستنی میهرەجانو ئاهەنگو کورو ژیاندنەوەی بونەکان .
٥ ـ کوکردنەوەی پیتاک و قبولکردنی بەخشش و یارمەتیی ناوخو .
٦ ـ قبولکردنی مالومولکی عەینیو کاش لە هەر لایەکەوەبی لە دەرەوەی هەریم بە ئاگاداریی ئەنجومەنی وەزیران .

ماددەی چواردەیەم / ئەو بەخشەشەی لە بووجەی هەریمدا بو حیزبەکان تەرخان دەکری بەپیی چەند پیوانەیەک کە ئەنجومەنی نیشتمانی دیاریی دەکا دابەش دەکری .

ماددەی پازدەیەم / حیزب پابەندی ئەم ئەرکانەدەبی :
١ ـ نەبزکردنی ئیرهاب بە هەموو شیوەکانییەوە .
٢ ـ ریزگرتن لە یاساکانو پاراستنی سەربەخویی دادوەری .
٣ ـ دامو دەزگای سەربازی و شیوە سەربازی نەبیو لەنەی قەدەغەیە چەکی بەپیچەوانەی یاساوە هەبی .
٤ ـ نەنواندنی چالاکییەک کە پیچەوانەی بەرنامە راگەینراوەکەی بی .
٥ ـ ریزگرتن لە سیستمی گشتی و دابو نەریتی گشتی .

ماددەی شازدەیەم / حیزب بوی هەیە بەپیی حوکمەکانی پەیرەوی ناوخو ی ، خوی هەلوە شینیتەوە .

ماددەی حەفدەیەم /
١ ـ دەشی حیزب بە بریاریکی دادوەری و لەسەر داوا ( دعوی )یەک کە وەزارەتی ناوخوی دەیکا بەهوی سەرپیچیکردنییەوە لە حوکمیک لە حوکمەکانی ئەم یاسایە هەلبوەشیتەوە.
٢ ـ بریاری دادگا ملکەچی تانوووت لیدانی پیداچوونەوە دەبی لەلای دەستەی گشتی پیدا چوونەوەی هەریمی کوردستانی عیراق لە ماوەی ( ٣٠ ) روژدا لە روژی پیراگەیاندنی بریاری هەلوەشاندنەوەکەوە و بریاری دادگای پیداچوونەوە بنبر ( بات ) دەبی .

ماددەی هەژدەیەم / لە حالەتی هەلوەشاندنەوەی حیزبدا مالومولکی گوازراوەو نەگوازراوەی بەپیی پەیرەوی ناخوی پاکو دەدری .

ماددەی نوزدەیەم / دەبی ئەو حیزبانەی کەهەن لە ماوەی سی مانگ دا لە روژی جیبەجی بوونی ئەم یاسایەوە بارودوخی خویان لەگەل حوکمەکانیدا بگونجینن .

ماددەی بیستەم / وەزیری ناوخو بویهەیە رینمایی بو ئاسانی جیبەجی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا .

ماددەی بیستو یەکەم / کار بەهیچ دەقیک ناکری کە لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکوک بی .
ماددەی بیستو دووەم / دەبی ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جیبەجی بکا .
ماددەی بیستو سییەم / ئەم یاسایە لە روژی بلاو کردنەوەیەوە لە روژنامەی رەسمیدا جیبەجی دەکری .

جوهر نامق سالم
سەروکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان
**ژمارەی بریار / ٤٣**
**میژووی بریار /١٩/ ١٠/ ١٩٩٣**
**بریار**

بەپیی حوکمەکانی برگە ( ١ ) لە مادە پەنجاو شەشی یاسای ژمارە ( ١ ) ـی سالی ١٩٩٢ و لە سەر پیشنیاری ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی روژی ١٨/١٠/ ١٩٩٣ بریاری ئەمانەی خوارەوەی دا :ـ

١ ـ حسیب کردنی ماوەی ١/١٠/١٩٩١ تا ٣٠/٩/١٩٩٢ بە راژەی دوو بەرامبەر ( مضاعف ) بو سەر مووچەو پلە بەرز کردنەوە و خانەنشینی گشت ماموستایانی خویندنی ناوەندی و دواناوەندی ( مدرسین ) هەریمی کوردستانی عیراق .

٢ ـ لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە کە حوکمەکانی ئەم بریارە جیبەجی بکات .
٣ ـ ئەم بریارە لە روژی بلاوکردنەوەی لە روژنامەی رەسمیدا کاری پیدەکریت .

جوهر نامق سالم
سەروکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق